# تاران له‌ دیداری حه‌فته‌یی

## كه‌ریم كاكه‌

-1-

شوفێرێ ترِحێوی ناو بوو

كاتێ له‌و پاسه‌ دابه‌زیم كه‌ تابلۆی ( كرمانشا- تاران) ی پێوه‌ بوو، هه‌رچی گلۆپی شار هه‌یه‌ داگیرسابوون، تاران ده‌ریایه‌كی چراخانی بوو، هه‌ستم كرد خۆ به‌ ده‌ریادا ده‌ده‌م و مه‌له‌ زانینیشم هی ئه‌وه‌ نیه‌ ده‌رحه‌قه‌تی شه‌پۆله‌كانی تاران بێت... پیاو كاتێ ده‌گاته‌ ده‌روازه‌ی شارێكی گه‌وره‌ی وه‌ك تاران با پێشتریش رێی پێیكه‌وتبێت، به‌لام ئه‌گه‌ر تا راده‌یه‌ك شاره‌زایی نه‌بێت یان ئه‌درێسی ناسیاوێكی لا نه‌بێت، ئاساییه‌ كه‌ له‌ دیدی ئه‌و پیاوه‌وه‌ شار له‌ شێوه‌ی ده‌ریا خۆی بنوێنێ و به‌ شێوه‌یه‌ك له‌ شێوه‌كان هه‌ست به‌ نوقمبوون بكات، به‌ تایبه‌تیش ئه‌گه‌ر ژنێكی نه‌خۆش و منداڵێكی چوار ساڵه‌ی له‌گه‌ڵ بێت، ئه‌و شوێنه‌ی لێی دابه‌زین نزیك مه‌یدانی ئازادی بوو، ئه‌و مه‌یدان و ره‌مزه‌ی له‌ وێنه‌ی وه‌ستاوو جوله‌داره‌وه‌ تارانی پێده‌ناسرێته‌وه‌..

ده‌مویست بگه‌مه‌ ناوچه‌ی (تۆپخانه‌) بیستبووم له‌وێ كرێی مێوانخانه‌ هه‌رزانه‌، ده‌بوو ده‌ست به‌ پاره‌وه‌ بگرم، ته‌كسیه‌ك داوای شه‌ش تومه‌نی كرد، ته‌كسی دووه‌م گوتی حه‌فت تومه‌ن، هی سێیه‌م له‌ هه‌شت تومه‌ن نه‌هاته‌ خواره‌وه‌ ئه‌ویشم به‌رِێكرد له‌ دڵی خۆم گوتم ئه‌وجاره‌ داوای هه‌رچه‌ندی كرد ئیزنی نادەم:

- ئاغا به‌ چه‌ند ده‌مبه‌یته‌ تۆپخانه‌؟
- به‌ شه‌ش تومه‌ن
- من له‌ كرمانشاوه‌ هاتمه‌ ئێره‌ به‌ پێنج تومه‌ن كه‌ هه‌شت نۆ كاتژمێره‌ كه‌چی تۆ ..
- ئاغا سوار به‌ به‌ چوار تومه‌ن، زیادت لێوه‌رناگرم.

ده‌بێت ئاگاداری سێ سفره‌كه‌ بین كه‌ له‌ پاره‌ی ئێرانیدا وه‌ك پاره‌ی عێراقی هیچ به‌هایه‌كی ژماره‌یان نیه‌ واته‌ كه‌ ده‌ڵێت (4) تومه‌ن مه‌به‌ستی (4000) تومه‌نه‌.

ته‌كسی چ ته‌كسی (باڵا)ی كورِم گۆته‌نی(( ئه‌و كه‌چه‌ چیه‌ ئێمه‌ سواربووینه‌!)) قسه‌یه‌ك له‌و قسه‌یه‌ك له‌ من زوو زانی ئێرانی نیم ئاخر به‌ فارسیه‌ك قسه‌م ده‌كرد مه‌گه‌ر ته‌كسیه‌كه‌ی ئه‌و هێنده‌ دووكه‌ڵاوی بێت..

- تۆ عه‌ره‌بیت؟
- نا كوردم
- كوردی عێراقی؟
- هی هه‌ولێر، كوردستانی عێراق
- ئه‌ها!

ئه‌و هه‌موو ماشێن و ماتۆرِو خه‌ڵكه‌ به‌ شێوه‌یه‌ك تێكهه‌ڵقژابوون، ده‌مگوت ئێستا نا ئێستا قه‌سابخانه‌ رووده‌دات.. زۆری نه‌برد شوفێر ته‌كسی بێ ئه‌وه‌ی قسه‌ قه‌سه‌ رابكێشێ! دابه‌زییه‌ سه‌ر ئه‌مریكا هه‌رچی جونی پیس هه‌یه‌ به‌ به‌ر ده‌می مندا بۆ ئه‌مریكای ده‌هاویشت، جونه‌كانیشی به‌ ده‌سته‌واژه‌ی شه‌یتانی گه‌وره‌ به‌ یه‌كتر ده‌به‌سته‌وه‌ و جوان جوانیش چاوی له‌ من ده‌برِی..

وام هەستکرد جونەکانی لەگەڵ منە، ناهەقم نەبوو بە شێوەیەك تەماشای دەکردم وەك ئەوەی من مارێنز بم، بە خۆم نەوەستام:

- باشە تۆ بە چ بۆنەیەکەوە وا یەخەی ئەمریکات گرتووە؟
- چۆن! ئەو شەیتانی گەورەیە.
- ئێ، کووت زانی؟
- ئیمامی خومەینی وای گۆت، هەموو باوەڕدارێك ئەوە دەزانێت.
- بەلاّم..
- تۆ مانگانە چەند دۆلار لە ئەمریکا وەردەگریت؟
- دۆلاری چی! ئەوە چ دەڵێی؟
- چۆن! کوردی عێراق مانگانە دۆلار لە ئەمریکا وەردەگرن، مەگەر تۆ کوردی ئەوێ نیت!
- لە کوێت زانی، ئەوەش ئیمام خومەینی وای گۆت؟
- نا هەموو خەلك دەزانێت.
- ئاغا، باوەڕ بە درۆ مەکە...
- باشە، ئاغا، ئێوە بۆچی هاتوون بۆ تاران؟
- بۆ لای دکتۆر
- ئێ باشە بە دۆلاری ئەمریکی لای دکتۆری ئێرانی خۆتان چارەسەر دەکەن

تووشی چ بووم! گوتم ئەو کابرایە تووشی کێشەیەکم نەکات، تەواو لێی وردبوومەوە، لە دڵی خۆم گوتم چ نیە پێی دەوێرم... هەندەك خۆم گیف کردەوە:

- دەڵێی شەرم پێ دەفرۆشی؟
- نا، ئاغا، گفتوگۆ دەکەین.
- ترحیۆ! ( ئەو وشەیەم هەر بە کوردی گۆت نازانم تێگەیشت یان نا) باشە ئاغا تۆ فارسی، ئازەری؟....
- من منداڵی تارانم، ئاغا.

تێنەگەیشتم لە چ نەتەوەیەکە، ویستم لێی دووبارە بکەمەوە..

- ئاغا ئێرە تۆپخانەیە.
- پارەی ئێرانیت بدەمێ یان دۆلاری ئەمریکی؟!

زۆر دوژمنانە سەیری کردم..کە دابەزیم منداڵەکەم گۆتی:

- بابە، لۆ ئەو پیاوە پێی دەگۆتی ئاغا؟ خۆ ئەتو ناوت ئاغا نیە ئەو ناوی ئاغا بوو.
- ئەویش ناوی ئاغا نەبوو.
- ئا زانیم ناوی تلحیۆ بوو!

ترحیۆ تەمەنی لە پەنجا تێپەڕی بوو، پیاوێ بوو هێند لەڕو لاواز دەتگوت لە داخی شەیتانی گەورە خۆی لە سەر شارە مێرووستان بەستۆتەوە.. لە دڵی خۆم گۆتم، تاران خراپ پێشوازی کردین، ئاخیری خێر بێت!

-2-

## بێگانه راناگرین

له شەقامێك دایبەزاندین لەو بەرو لەم بەر مێوانخانەی لێبوو، به هەلەداوان خۆمان گەیاندە مێوانخانەیەك، منداڵكارێك به رووێكی زۆر خۆشەوە بەخێرهاتنی كردین، زۆر به ناسكییەوە:

– بەڵێ ژوور هەیە

– به چەندە؟

– دوو نەفەری به بیست تومەن.

كاتێك پاسەپۆرتەكەمی دیت زۆر بێ شەرمانه گوتی:

– بێگانه راناگرین.

– بۆ راناگرن؟

لەو قسانه بووین گەنجێكی بیست ساڵ و شتێك رووی له من كردو به كوردی:

– لێیگەڕێ، با بچینه مێوانخانەیەكی دی

– ئاخر با تێبگەم بۆ بێگانه وەرناگرێت!

له پێبلكەكان هاتینه خوارێ، چووینه مێوانخانەیەكیدی، هەمان تاس و هەمان حەمام، ئەو ئاغایەش بێگانه وەر ناگرێت، چەندی ویستم هۆی بێگانه وەرنەگرتن تێبگەم تێنەگەیشتم.. كوڕە گەنجەكه گوتی: گوێ مەدێ دەچینه مێوانخانەیەكیدی.

بەرەو مێوانخانەیەكیدی رۆیشتین.. به دەم رێوە لەگەڵ گەنجەكه كەوتینه گفتوگۆ، ئەو كوڕە خەلكی خانه بوو بۆ ئیش رووی له تاران كردبوو، دەیگوت له كوردستانەكەی ئیشوكار نیه خەلكێكی زۆر روو له به شەكانی دیكەی ئێران دەكەن.. مێوانخانەی سێیەمیش وەكو یەكەم و دووەم

– بێگانه وەر ناگرین

به كوڕە خانەییەكەم گۆت:

– بەس با تێبگەم لۆ وەر ناگرن، پێیان بلێ لۆ وەرناگرن؟

تێنەگەیشتین، مێوانخانەی چوارەم و پێنجەمیش له یەكەم و دووەم و سێیەمیان گێڕابۆوە، وەریان نەگرتین و وەریان نەگرتین.. له هی پێنجەمیان زۆر دەهری بووم، پێی له سەر پێی دانا، روو له ئاسمان، دەتگوت جێنشینی شا عەباسی سەفەوییە، به سەری لووز

– بێگانه وەرناگرین، بڕۆن، بڕۆن..

– هەی..

پیاوێكی زۆر كەر دیار بوو، كەرایەتییەكەی ئەو منیشی گرتەوە، پیسترین جونی كوردیم هاتە سەر زاری و هەر به كوردی لۆ كابرام هاویشت، پاش بوو تێنەگەیشت دەنا پیس دەقەوما.. گوتم هەبێت نەبێت تیئێنتیان لامان دیوە، به كوڕە

خانەییەکەم گۆت:

– تۆمان زۆر ئەزیەت دا، قەینا تۆ..

– نا نا تاکو جێگەورێگەتان بۆ نەبینمەوە وازتان لێناهێنم

بەرەو مێوانخانەیەکیدی رۆیشتین وا بزانم ناوی خوسرەوی بوو، چەند ماندووین، لە بەیانیەوە لە ناو پاس بیت، جانتایەکی گەورە بە شانتەوە، نەخۆش و منداڵێکت لەگەڵ بێت و شەوەو لەو تارانە گەورە ژوورێك دەرگای حەوانەوەت بۆ نەکاتەوە..

– بەس جێگەی یەك نەفەرمان هەیە

– جێگە نیە یان بێگانە وەرناگرن!

– نا بۆ بێگانە وەر ناگرین، ئەزیزی ئێمەن بەڵام جێگەمان نیە..

– ئەدی بۆچی ئەو مێوانخانانە بێگانە وەرناگرن؟

وەڵامێکی وای نەدامەوە تێبگەم.. بەرەو فلکە گەورەکە رۆیشتین، کوڕە خانەییەکە بە دەم رێوە سەرهاتێکی خۆی گێڕایەوە:

- منیش چەند ساڵێك لەمەو بەر هاتمە هەولێر، چوار پێنج مێوانخانەم کرد ژووریان نەدامێ، دەیانگوت برۆ لە ئاسایش وەرەقەیەك بێتە، شەوێکی ناخۆش بوو، لە دڵی خۆم دەمگوت، وەرە لەو هەولێرە گەورەیە کەسێك نەناسی و مێوانخانەیەکیش داتنەکات..

- ئەدی لۆ نە دەچووی..

- شەو بوو، درەنگ بوو، بە خولای هەر لە خۆوەش حەزم لە چوونە ئاسایش نەبوو

- ئێ

- وەڵا دوایی باش بوو مێوانخانەیەك وەریگرتم.

- ئێمەش وەك تۆمان لێهات.

- نا، جیاوازە، من کورد بووم و کورد وەرینەدەگرتم، تۆ کوردی و فارس وەرتناگرێت.

تێگەیشتم کوڕە خانەییەکە بۆ بەجێمان ناهێڵێ، شەو درەنگ بوو دوکان لە دوای دوکان دادەخران، جادە سات لە دوای سات ماشێن و ماتۆڕەکانی لە کەمی دەداو پەڕینەوە لەو بەر بۆ ئەو بەر ئاسان بوو.. بڕۆ بڕۆ

– بابە ئەو کێکەم لۆ بکڕە

– دە هەولێرییەکان لادەن چایەکی بخۆن.

ئەوە دەنگی دوکاندارەکە بوو، کە هەولێریانە بانگی کردین.

– کووت زانی هەولێرین؟

– لە دنیاو قیامەت یەك شار هەیە (لۆ) بەکار بهێنێت ئەویش هەولێرە، وانیە؟

– بڵێم چی!

دوکاندارەکە کوڕێکی گەنجی موو زەردی تەمەن سی ساڵ کەمتر زیاتر بوو، ماوەیەکی باش لە پێش دوکانەکەی راوەستاین، دوکانەکەی زۆر بچووك بوو، لە پاڵ کێك و ساردەمەنی، سەماوەرێکیش بۆنی چای لێدەهات.. ئیدی قسەیەك لەو یەك

له ئێمه، قسه قەسەی راکێشا.. له دڵی خۆشم دەمگوت، بەس ئەمجارەم لێ بڕوات، جارێکی دی بچمه هەر شارو ولاتێك دەبێت بە وەختەوەو بە رووناکی بگەمێ، نابێت تاریکم بە سەر دابێت.

-3-

با کارەبای بۆ راکێشرێ

- تۆ بە یەك (لۆ)ی ئەو مندالە زانیت ئێمە هەولێرین، بەلام ئێمە نەمانزانی تۆ کێندەریت..
- من رەنگه کەرەجی بم، بەلام باوکم هی ئەو دیوە..

ئەو کوڕە بە کوردییەکی زۆر پەتی قسەی دەکرد، لە رستەکانیدا وشەی عەرەبی و فارسی نەدەبینرانەوە، گومانم پەیداکرد لەوەی خەلکی کەرەج بێت، دەتگوت گومانی دلمی خوێندۆتەوە:

- باوکم دایکمی فێرە کوردیەکی خاوێن کردووە، لەگەڵ ئێمەش بەو شێوەیه قسه دەکات، دەڵێت:
- کورد بە زمانەوە کوردە... باوکم لە حەفتاو پێنجیەکانە
- ئەها، لە ساڵی حەفتاو پێنجەوە لێرەن، ئەی چۆنە نەگەڕاونەتەوە؟
- یاوکم بڕیاری دابوو تا سەدام حوسێن لە فەرمانڕەوایی بێت نەگەڕێتەوە
- ئێ ئەو نەما..
- دەڵێت ئێستاش هزری سەدام فەرمانڕەوایی ئەوێ دەکات، واتە هەر وەکو جارانەو هیچ نەگۆڕاوە..
- کەواتە بە باوکت بڵێ چاوی بەو دیو ناکەوێتەوە... تۆ ئەودیوت دیوە؟
- نەخێر، بە نیازم سەردانی بکەم، بەلام با کارەبای بۆ راکێشرێ.. بەراست ئێوە چۆن بێ کارەبا هەڵدەکەن!!
- مرۆڤ تاکە ئاژەلە کە بە ئاسانی لەگەڵ تاریکی رابێت.. واز لەوە بێنە چارەیەك لە ئێمە بکە، هیچ مێوانخانەیەك وەرماننناگرێت..

کوڕە کەرەجییەکە دەستی بۆ ئەوبەری شەقامەکە درێژ کرد:

- ئەوانە هەمووی مێوانخانەن بە مەمنوونییەوە ژوورتان دەدەنێ، بەلام مێوانی من بن..

کاتێ تێمگەیاند پێنج مێوانخانەمان کردووە و هیچیان بێگانەیان رانەگرتووە، ئەو باسەی بە هەند وەرنەگرت، هۆیەکەی بۆم روونەکردەوە.

- باشە پۆلیسخانە لە کوێیە؟
- بۆ چیتە؟
- دەزانم مێوانخانە وەرمان ناگرێت، دەمەوێت لە پۆلیسخانە ژوورێك بگرم..
- لە تاران وا بە ئاسانی دەرگای پۆلیسخانەت بۆ ناکەنەوە، بەلام کە کرایەوە، ئیدی زەحمەتە بە ئاسانی جارێکیدی بکرێتەوە.. لە هەولێریش هەر وا نیە؟

- به درووستی نازانم، بەڵام رەنگە بە ئاسانی بکرێتەوە و ئاسانتریش بکرێتەوە.

برۆ برۆ گەیشتینە ئەو جێگەیەی کوڕە هەولێری ناسەکە پەنجەی بۆ درێژد کردبوو، (بهارستان) ناوێکی جوان و ناسك بوو، هیوام خواست ناوەوەیشی وا جوان بێت، زۆر بە رێزەوە وەریگرتین، یان کوڕە کەرەجی گۆتەنی بە مەمنوونیەوە، کوڕە خانەییەکەشمان هەر لەگەڵە و جانتایەکیشی بۆ هەڵگرتووین... ژوورەکەمان لە نهۆمی سەر سەریّ بوو، بەسەر شەقامێکی درێژدا دەیڕوانی، هەر شەقامێك نا، ئەگەر سەرت تۆزێ لە پەنجەرەوە هەڵکێشابا ئەوا سێ شەقام دەکەوتنە ژێر سێرەی بیناییتەوە، کوڕە خانەییەکە ماوەیەك لای ئێمە دانیشت، دەیگوت: بەس ئاگاتان لە ماتۆڕسوارەکان بێت، جانتا لە ناو دەستان دەرفێنن..

پێش ئەوەی بچێتە ژوورەکەی خۆی، ناونیشانی خۆم دایێ و گوتم، کە هاتییە هەولێر مێوانی منی.

- بابە کارەبای موەلیدەیە؟

- نە

- کەنگێ دەکوژێتەوە

- ناکوژێتەوە؟

- ئۆی دایە، کارەبا ناکوژێتەوە چەند خۆش..

ئەو کەمە تارانەی لە پەنجەرەی ژوورەکەوە خۆی نیشان دەدا، زۆر جوان بوو، چاو لێی تێر نەدەبوو، باڵەخانەی بەرز بەرز، شەقامی پڕ درەخت، شەقامێك لەو سێ شەقامەی کە لە منەوە دیار بوون، بەو شەوەش هەر ئاوەدان لە ژن و پیاو، سەرم پتر دەبردە دەرێ بۆ ئەوەی دیمەنێك پتر لە جەستەی تاران ببینم، لەو دەمەدا تاران لە چاوی تینووی من شۆڕە ژنێکی تارانی بوو، تەنها جێی چەند پەنجەیەك لە لەشی لە منەوە دیار بوو، هێندەش تامەزرۆی منی نەدەشکاند، حەزم دەکرد لەو پەنجەرەیەوە هەرچی جێگەی تاران هەیە بە حەرام و حەڵاڵیەوە بێتە ناو دیدەمەوە..

- بابە، بیکە پاپایە خۆشەکە

- وەرناگرێت، ئەوە سەتەلایت نیە

- لۆ نیانە؟ من سەتەلایتم دەوێت، ئەو قەناتی پاپایە خۆشەکە..

دیار بوو هیچمان خەومان نەدەهات ئەو لە خۆشی کارەبا کە هەر خەریکی تەلەفزیۆنەکە بوو.. منیش هەر لە خۆشیی رووناکیی کارەبا، بەس رووناکیی شەقامەکان، ئەوەی ئەو شەوە ئەو بەشەی تارانی پتر لە چاوی مندا جوانتر کرد، پیاسەی شەوانەی کچان بوو، لە پەنجەرەوە دەمدیت بەو درەنگە کە شەقام لەماشێن و ماتۆڕو خەڵك تەواو تەنك بووبوو، کەچی کچ هەبوو بە تاقی تەنێ بە رێدا دەڕۆیشت، تاران لە پیاسەی شەوانی کچ و سەتەلایت پێچەوانەی هەولێر بوو یان نزیك لە پێچەوانەیی..

- ها تاران خۆشە؟

- هەندەك خۆشە هەندەك خۆش نیە.

وا بزانم مەبەستی لە خۆشییەکە بوونی کارەبا بوو، ناخۆشییەکەش نەبوونی سەتەلایت..لە دڵی خۆم گوتم، سبەینێ کە کوڕە کەرەجییەکەم دیتەوە پێی دەڵێم، وا بکە تا هەولێر کارەبای بۆ رانەکێشرێ، سەردانی مەکە. لەو حەفتەیەی لە تاران مامەوە دوو سێ جار کوڕە کەرەجیەکەم دیتەوە، جارێکیان گوتم:

- وەرەوە دەڵێن کارەبای بۆ رادەکێشریّ!
- چەتاڵە ها!!

(4)

باخەکەی کوردان

درەنگ لە خەو هەستام، ئاخر زۆر درەنگ نووستبووم، درەنگ نووستنەکەشم گوناهی ئەو پەنجەرەیە بوو کە بە سەر شەوی تاراندا کرابۆوە.. یەکەم پرسیارم لە خاوەن مێوانخانە کە پیاوێکی بە تەمەنی قسە شیرن بوو، لە بارەی ئەوەوە بوو کە بۆچی ئەو مێوانخانانەی ئەو بەر بێگانە وەرناگرن، کەچی لە وەلاًمەکەیدا هیچم هەڵنەهێنجا.. برادەری برادەرێکم بیرکەوتەوە کە ماڵیان لە کوردانە، کوردان جێگەیەکە لە کەرەجەوە بۆی دەچیت، کەوتۆتە لای چیاوە، دوور نیە، ئەو ناسیارە خەلکی سنەیە خێزانەکەی تورکە، منداڵەکانی کوردی نازانن، دایکی خێزانەکەیشی کوردە ئەو ژنە بە ساڵاچووە هەموو ئاواتی ئەوە بوو کوردستانی ئێرانیش وەك کوردستانی عێراق ئازاد بێت، دەیگوت:

- خۆزگەم بە خۆتان، خوا بکەم ئێمەش ئازاد بین، ئێوە خەنی بوون خەنی..
- خەنی چی! ئەویّ گرانیە، کارەبا نیە
- چەندیّ گرانی بێت هەر وەك ئێرەیە، ئەوجا کارەبا چیە، با هەر نەبێت، ئەنگۆ دەولەتتان هەیە دەولەت..

لەگەڵ ئەو کوڕە کوردانیە کە تا ئەو پەڕی بەرێزی بەرێز بوو، زیاد لە پێویست رێزی گرتین، سەردانی ناو باخمان کرد، ئەو ناوچەیە هەمووی باخ و باخاتە، خەڵکێکی زۆر ئیشی لە ناودا دەکەن، ئەو باخەی ئەو ئیشی تێدا دەکرد یان بە جۆرێك سەر پەرشتی دەکرد، حەوت کرێکار ئیشیان تێیدا دەکرد بەو شێوەیەبەیەکتریناساندین:

ئەوە... خەلکی هەولێرە_عێراق، مێوانی منە

ئەوانەش.... خەلکی سنەیە کوردە

....خەلکی کرمانشایە کوردە

... فارسە خەلکی بن کەرەجە

.... تورکە خەلکی ئێرەیە

سێیەکەی دیکەش کوردێك و فارسێك و بەلووچێك بوون .. ئیدی لەو باخەی کوردان زمان لە میوە دەچوو، میوەش لە زمان، باخ پڕبوو لە میوەی هەمە تام و زمانی هەمە ئاواز، بەدەم میوە خواردنەوە گفتوگۆ گەرم بوو.. لەو کوردانە و لە ناو ئەو کرێکارانە دوو زمانی رەسمی هەبوو فارسی و تورکی، هەموویان بە ناسیاوەکەی منیشەوە هەردوو زمانەکەیان دەزانی، هەر جارەی بە زمانێکیان قسەیان دەکرد، لەوەشدا هیچ رێککەوتنێك نەبوو، ئەوەی زمانەکەی دیاری دەکرد ئەو کەسە بوو کە سەری قسەیەکی نوێی دەکردەوە، بە چ زمانێك قسەی کردبا زمانەکە دەبوو زمانی گفتوگۆ.. تێبینیم کرد ئەگەر سەری قسەی لای تورکەکە سەری کردبا ئەوە بە تورکی دەبوو، فارسەکەش یە فارسی، بەلووچەکەش بە فارسی، هەرچی کوردەکان بوو دڵی هەردوو لایان راگرتبوو، یەکیان بە تورکی یەکیان بە فارسی.. بەلاًم کوردەکان لە پەراوێزەوە لەگەڵ من یان

لەگەڵ یەکتر بە کوردی قسەیان دەکرد، بە ساناییش لە یەکتر تێکنەدەگەیشتین...

هەر لە کوردان و لە باخێکیدی و لەگەڵ ناسیاوێکیدی کە خۆی گوتەنی خەلکی شارەکەی حەسەن زیرەکە، ئەو ناسیاوە بۆکانییە زۆربەی شیعرەکانی قانعی لە بەر بوو.. لە کەرەج دادەنیشت لە باخێکی کوردان کاری دەکرد، کرێکارانی ئەو باخەش هەر یەکەیان لە مەملەکەتێکی ئێرانەوە هاتبوو.. لەوێ لە ناوەراستی باخەکە خانووێك هەبوو، نەخشەکەی زۆر جوان بوو، شایەستەی باخەکە بوو، تەلەفزیۆنێکی شاشە بچووك... گەڕا گەڕا لە سەر یەکێ لە کەنالە کوردیەکان رایگرت

- ئەوەش لەبەر خاتری تۆ
- زۆر سوپاس.. بەلاّم با کەنالێك بێت بە دڵی هەمووان..

کۆنترۆلەکەیان ماندوو کرد لە ئاکامدا لە سەر کەنالێکی فارسی گیرسایەوە ئەو کەنالانەی لە دەرەوەی دەسەلاّتی ئێران پەخشدەکرێن..

- باشە سەتەلایت قاچاخ نیە؟
- زۆر قاچاخە و سزاش هەیە..
- سزاکە چۆنە؟
- چ نیە! یەك نیو ملیۆن تومەن، دوو ئامێرەکە دەبەن، سێ هەندێکیش تێهەڵدان
- سێیەمیان ناخۆشە.
- نا، یەکەمیان هەندێ زیاد بکە، سێیەم سووك دەبێت، سووك تا رادەی نەمان..

لەو دانیشتنەی پێش سەتەلایت، ئەوەی تێیگەیشتم لە بارەی پەیوەندیی حکومەت و خەلك سەتەلایت، ئەوەبوو: خەلکێکی زۆر سەتەلایتی هەیە لەگەڵ ئەوەی نرخەکەشی گرانە، هەندێ جار ئەو پۆلیسانەی لە ماڵێك سەتەلایتێك دەگرن لە کۆلاّنێکی دەبفرۆشنەوە ماڵێکیدی، بە گشتیش لە لایەن دەزگا پەیوەندارەکانەوە تا رادەیەکی زۆر چاوپۆشی لە هەبوونی سەتەلایت دەکرێت، ناسیاوەکەم گۆتەنی:

- حکومەت ماندوو بووە
- بەس لە گەڕان بە دوای سەتەلایت ماندوو بووە، یان..
- ئەوەی من بزانم لە گەڕان بە دوای سێ شتدا ماندوو بووە: یەك سەتەلایت، دوو ترياك لەوەیان هەر لە ترياك کێشەکە بێ تاقەتترە، سێ خواردنەوە وەڵلاّ لەوەیان هەندێك جوولەی تێدا ماوە..
- بەس لەو سێ شتە؟
- ناوەڵلاّ چوارەمیش هەیە، دەزانی چیە؟
- ئەگەر سیاسەت بێت باشە
- نا ئەوە مەلێ... عەشقکردن لە سەر جادە
- کوو وەیە!
- جوان تاران بگەڕێ بزانە وایە یان نا!
- چیدی؟
- شتی تریش هەیە بەس ئەو چوارە لە بەر چاون،

کوڕە کرمانشاییەکە هەلیدایێ:

- ئەی حكومەتی ئێوە لە چی ماندووە؟

-حكومەتی ئێمە زوو لە شتان ماندوو دەبێت، بەڵام زووش دەحەسێتەوە.

(5)

## دكتۆری ئیمام و دەنگی پێ

لە رێی برادەرێكەوە، برادەرێكی پەیوەندیەكانی پارتێك لە تاران وایكرد بێ چاوەڕوانیكردنی زۆر بگەینە دكتۆرێكی بە ناوبانگ، دیار بوو بە ناوبانگ بوو، لە هەر كێت دەپرسی، دەیناسی، جگە لە هەندێش كە دەتگوت دكتۆرێكی چۆنە؟

_ باشترین دكتۆری دڵە لە ئێرانێ

– باشترین دكتۆری دنیاییە

– دكتۆرە نەك گەمە، سەروەختەك دكتۆری تایبەتی ئیمامی خومەینی بوو

– ئەگەر نەشتەرگەریت بكەوێتە لای دەبێت نۆبەی حەفت مانگی بگریت

نەموێرا لەوە پتر لە بارەی ئەو دكتۆرەوە پرسیار بكەم، ترسام لەوەی بڵێن مردووش زیندوو دەكاتەوە..

دكتۆر لە ڤاتی سەرسەرێی بالەخانەیەكی جوان بوو، هۆڵێكی گەورە، دوو تەلەفزیۆن هەر یەكەی بە ئاراستەیەك، لە یەكیان نەشتەرگەری نیشاندەدرێت، لەویدی لەڤتەو فیلمی پێكەنیناوی، لە هیچیشیانەوە دەنگ نیە، وێنە و بەس، حەز لە كامیان دەكەیت بەو ئاراستەیە دانیشە و چاوەڕێی بكە تا ئەو كچە ناسكەی لەو سەرەوە لای دەرگای دكتۆرەوە بە دەنگێكی ناسك و پڕ لەرێزەوە بانگت دەكات، چاوەڕوانكردنەكەش زۆر ناكێشێت، ئەوپەڕەكەی نیو تا سێ چارەگە دەمژمێرە.. واتە تەنها یەك نەخۆشت لە پێشە، بە واتایەكیدی هەر نەخۆشێك نیو كاتژمێرێك لای دكتۆر دەمێنێتەوە، هەرچی نەخۆش دەیڵێت ئەو گوێی لێدەگرێت، دنیایەك پرسیاریش لە نەخۆش دەكات، بەبێ ئەوەی بیر لە زووتر هاتنە ژوورەوەی نەخۆشێكیدی بكات.. هۆڵی چاوەڕوانی، باشترە بڵێم هۆڵی پێشوازی، لەوەش باشتر، باشترە بە ماڵی دكتۆر ناوی ببەین، خاوێن خاوێن، روون روون دەتگوت نەینۆكە، نە لە عەردی نە لە ئاسمان نە لەو دیوارانەی عەردو ئاسمان بە یەك دەگەیەنن، هێندەی جێپەنجەیەك لەكەیەكت نەدەدیتەوە.. چەندی ویستم وەكیەكیەك لە نێوان ئەو دكتۆرە و دكتۆرەكانی هەولێر ببینمەوە، نەمدەدیتەوە، دوا جار شتێكم بە شتێك كرد، ئەویش هەڤدەستەكە بوو كە هەر هێندەی دكتۆرە ناو نەرۆیشتووەسكانی هەولێری وەرگرت..

دكتۆری ئیمام بە نیازی یەك دوو پشكنین، رەوانەی نەخۆشخانەی (دەی) كردین، بۆ بەیانیەكەی زوو لە دەی ئامادە بووین، بۆ ماوەی دوو رۆژو شەوێك دەی بووە ماڵی نەخۆش و منیش وەرەو برۆ.. ئاكام دكتۆرەكانی هەولێر و ئەوانەی لە بەغداشەوە هەڵاتبوونە هەولێرو رێزی نەخۆشان سەرەكەی لە كن دكتۆر بنەكەی لە سەر جادە بوو، شەرمەزاریان كردم! نەخۆشیەكە ئەوە نەبوو كە ئەوان دیاریان كردبوو، سێ چوار ساڵ یەك دەرمانخانەی حەبینەخۆشییەكیان بە ئێمە ساخكردەوە..

لە ناوخەستەخانەی دەی ئەگەر گوێت لە دەنگێك بووایە ئەوە دەنگی عێراقی بوو، هیچ ئێرانیەك بە دكتۆر و كارمەندو بەردەست و پۆلیسەوە، ورتەیان لێوە نەدەهات، ئەگەر قسەیەكیان بە یەكەوە بكردایە سەریان لە بن گوێی یەكتر دەنا، بانگكردن نەبوو، وا رێك كەوت من پشتم لە دكتۆرەكە بێت و ئەویش ئیشی بە من بێت، بانگی نەكردم، هاتە بن گوێم زۆر بە

ئەسپایی قسەی کرد.. ئەگەر لە دەی گوێت لە دەنگی پیلاو بوو، بزانە ئەوە پێی عێراقیەکە، ئەوانەی ئەوێ لە پۆلیسەوە تا دەگاتەوە دکتۆر کالەیان لە پێیە و دەنگ لە دیوارەوە بێت لە پێی ئەوانەوە نایەت، کوڕە کرماشانییەك لەوێ کارمەند بوو، زۆر یارمەتی داین، ناوە ناوەش دەیگوت:

– هیچ منەتی تێدا نیە، هەر کوردێ بێتە ئێرەو زمان نەزانێ و ئیشی بە من بکەوێت من لە خزمەتیدام.. دەبێت شەویش مێوانی من بن..

– سوپاست دەکەم

لە دڵی خۆم گوتم، نووسەری کتێبی خواوەندی ئەلەمووت راستی گوتووە: خەلکی کرماشان مێواندۆست و نانبدەن..

– سەرم سوڕماوە لە بێدەنگیی ئەو خەستەخانەیە!

– دەبێت وا بێت، لە نەخۆشخانە نابێت دەنگ هەبێت.

ئەو خەستەخانەیە لە خەستەخانەکانی هەولێری نەدەکرد، هی هەولێر خۆشە، ئەگەر چاویشت دابخەیت، دەزانیت ژنە یا پیاوە رێدەکات، هەر لە ڕێی دەنگی پێلاوەوە دەزانی  ئەو کچە بە لەنجە دەڕوا یان نا، دەنگە دەنگیش هەر مەپرسە.. کاتی ئەو قسانەم بۆ کوڕە کرماشانییەکە دەکرد، گوتی:

– پەه، پەه، بازاڕێکی خۆشە..

خەستەخانەی دەی هیچی بە خەستەخانەکانی ئێرە نەدەچوو، تەنها لە یەك شت بە یەك دەچوون، لەوێش لە بری پارەیدی دۆلاری ئەمریکیان وەردەگرت بە کەمێك هەرزانتر لە نرخی بازاڕ.

کاتێك ماڵئاواییمان لە دەی کرد، نەخۆشەکەمان گۆتی:

– ئەوە چ بە خەستە خانە نەدەچوو

– کوو!

– یەك بۆنی خەستەخانەی لێنەدەهات، دوو هێند خۆش بوو حەز ناکەیت بەجێیبهێڵیت، سێ سستەرەکانی ئێرە دەڵێی فریشتەن هەر بڵێی ئای! دەگەنە سەرت و دایك بە دایکایەتی خۆی وا خزمەتت ناکات، وا میهرەبانیت پێدا ناپژێنێ..

– کەواتە با بڵێین: پایەدار بن دکتۆرەکانی تاران و دکتۆرەکانی هەولێریش خودا بە کردەوەی خۆیان لە گەڵیان بکات.

(6)

دەستی ئاخوندی تێدایە

وەختێکی زۆری کاتم لە ناو تەکسیە ((کەچە))کانی تاران بەسەر برد، ناو تەکسی باشترین جێگەیە بۆ گفتوگۆ، ئەو شوفێر تەکسیانەی من تووشیان دەبووم هەموویان بە قسە بوون، حەزیان لێبوو باسوخواسی دنیا بێتە گۆڕێ و لە بارەیانەوە

بۆچوونی خۆیان بخەنە روو.. شوفێر تەکسییەکان بە گشتی مرۆڤی تا رادەیەکی زۆر تێگەیشتوو، رۆشنبیر دیار بوون، ئاگایان لە کێشە و گرفتەکانی ئێران هەبوو، زۆربەیان بە قسەی خۆیان دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگاکان بوون..

خاوەن گوتەی (دەستی ئاخوندی تێدایە) پیاوێکی تەمەن لە سەرووی پەنجاوە بوو، دیار بوو زۆر بە داخ بوو لە کۆماری ئیسلامی، دابەزینێك دابەزیە سەر دەسەڵاتدارانی ئێران هیچ شوفێر تەکسیەکی هەولێر وا دانەبەزیوەتە سەر دەسەڵاتی کوردی.. وای دەبینی کە خراپترین دەسەڵاتی سیاسی لە دنیایێ دەسەلاتی ئێستای ئێرانە.. ئیدی بە شێوەیەك هێرشی دەبردە سەر دەسەڵاتی ئێران، من بە چەند رستەیەکی پچڕ پچڕ کەوتمە بەرەی دەسەڵاتەوە، بێ ئاگا خۆم لەو بەرەیە دیتەوە، بە هەندێك گرژییەوە بە منی گوت:

– تۆ وەك کوردێکی عێراقی ئەگەر داکۆکی لە کۆماری ئیسلامی بکەیت، خیانەتت کردووە،چونکە ئەو رژێمە سەد لە سەد دژی دەسەڵاتی کوردیی باکووری عێراقە..

– من لایەنگیری لە کۆماری ئیسلامی ناکەم، بەڵام هەستدەکەم تۆ زیاد لە پێویست هێرشی دەکەیتە سەر..

– ئەو کۆماری ئیسلامییە هیچ شتێکی جوانی نیە، هیچی باشی نیە، کە وا بێت من بە کوێیدا هەڵبڵێم

– ئەگەر واش بێت مەرج نیە خراپترین دەسەڵاتی سیاسیی دنیا بێت

– دە ناوی یەك حکومەتم بدێ لە حکومەتی ئێرانی خراپتر بێت؟!

دەمویست بە شێوەیەك وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە، ئەو چاوەڕوانی وەڵامی منی نەکرد و پرسیارێکی بۆم ڤیت کردەوە:

– دەزانی بۆچی لوبنان وای بەسەر هاتووە؟

– کێشەی لوبنان لەوەدایە کە...

- لەوە دایە کە دەستی ئاخوندی تێدایە، ئاخوند دەست لە هەر شوێنێك وەربدات ئاژاوەو پەشێوی درووست دەبێت...من پرسیارێکت لێدەکەم، لە عێراقدا بارودۆخی ئاسایش چۆنە؟

لەو ئانوساتەدا لەگەڵ ئیستاپێکی توندی لە ناکاو، خەریك بوو منداڵەکەم نێوچەوانی بشکێ، دوو ماتۆڕ لە پێش ئێمە بە سووکی خۆیان لێکدا، بەڵام بێ قرەقرو ناخۆشی دەسبەرداری یەکتر بوون..بە دەم گیرکردنەوەی منداڵەکەم، بەگاڵتەوە گوتم:

- ئەمەش دەستی ئاخوندی تێدایە.....لە عێراق بە گشتی بارودۆخ زۆر خراپە هەمیشە تەقینەوە و کوشتارە، بەڵام کوردستانەکە وا نیە هەندێك سیمای ژیانی پێوەیە..

– دەزانی بۆ؟

– نەڵێی ئەوەش دەستی ئاخوندە!

– رێك وایە، دڵنیابە دەستی ئاخوند نەگەیشتۆتە کوردستانەکەی دەنا ئەویش وەك ناوچەکانیدیی عێراق دەبوو، تۆ دەزانی ئێران عێراقی داگیر کردووە؟

– یانی ئێستا عێراق دوو داگیرکەری تێدایە، ئەمریکا و ئێران

– وایە بەڵام هی ئەمریکا هێندە مەترسی نیە، مەترسیەکە هی ئێرانە، بۆیە داگیرکەری راستەقینە ئێرانە نەك ئەمریکا..

لە نەخۆشخانەی (دەی) یەوە بۆ مێوانخانەی بەهارستان بەو ئێوارە چراخانییە نزیکەی سێ چارەگە کاتژمێری خایاند، سێ چارەگی پڕ لە گفتوگۆی گەرم، گفتوگۆی تارانییەکی شوفێر و هەولێریەکی سەفەری... شوفێرێك تەواو جیا لەو شوفێرەی بۆ یەکەم جار لە ناو تاران لەگەڵی سوار بووم، ئەو شوفێرەی ئەمریکای بە شەیتانی گەورە و ئەوانەی سڵاو لە ئەمریکاش دەکەن

یان سڵاوی لێوەردەگرنەوە بە کافر و خائینی دادەنان، ئەم شوفێرەیان هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەمریکا نەبوو، یان نەیدەویست کێشەی لەگەڵیدا هەبێت، کێشەی ئەم لەگەڵ ئاخوند بوو، بۆچوونی وا بوو کێشەکان لە بن مێزەری ئاخوندەکانەوە دێن..

لە کاتی دابەزینم، زۆری هەوڵدا پارە وەرنەگرێت، ئەوە یەك شوفێر بوو ببینم زۆر جەخت لە وەرنەگرتنی کرێیەکەی بکاتەوە، واتە بە (مێوان بە) درۆیینەکە نەدەچوو..

- نابێت سوپاس، بڵێ چەندە؟
- کەوابوو بەدڵی خۆت چەندی دەڵێی باشە
- سێ خومەینی باشە؟
- باشە، سێ ئاخوند زیادیشە

هەزار تومەنی وێنەی خومەینی لە سەرە بۆیە زۆر کەس بە هەزار تومەن دەڵێن یەك خومەینی، بەڵام ئەو شوفێرە یەکەم کەس بوو بە سێ خومەینی بڵێت سێ ئاخوند.

## (7)

## شەوی وەلیعەسر

مەیدانی وەلیعەسر لە چاوی منەوە زۆر جوانە، شوێنێ بوو لەو شوێنە جوانانەی من لە تاران دیتم.. بازاڕێکە نازانم تا چ وەختی شەو هەر کراوە و ئاوەدانە.. من دوو ئێوارە چوومە ئەو بازاڕە، جارێکیان تا درەنگی شەو مامەوە..لە شەقامێکیان جۆگەی ئاو بە بن درەختەکاندا دەڕۆیی هەرچەندە ئاوەکەی کەم بوو، زۆر خاوێنیش نەبوو، بەڵام جوانییەکی زۆری بەو شوێنە دابوو.. شوێنێ بوو پیر دیار بوو، بەڵام پیرێکی جوان، پیرێکی خاوێن...

لەو بازارەشدا رەنگە هاوسەنگیەك لە ژمارەی ژن و پیاو هەبووێت، لەو بازاڕەشدا چەند کوڕ بە تەنیا و کوڕانە پیاسەیان دەکرد، هێندەی ئەوە و رەنگە پتریش کچ بە تەنیاو کچانە لە پیاسەی خۆیاندا بوون، لەو بازاڕەشدا کچ و کوڕ دەستیان لە ناو دەستی یەکتردا، کوڕەکان بە شێوەیەك دەستی کچەکانیان دەگوشی دەتگوت لە سەر جێی خەوتن، بە شێوەیەك خۆیان لە یەکتر دەخشاند پیاو موچڕکەی بە لەشیدا دەهات.. ئەو خۆ لێکخشان و دەستگوشینەی من لە شەوانی بازاڕی وەلیعەسرم دیت، ئەگەر لە بازاڕی شەوانەی ئیسکانی هەولێر دەستگوشین و خۆلێکخشانی وا ببینرێت، رەنگە پۆلیس ئاگاداربکرێتەوە..

جگە لەوەش من بەو چاوانەی خۆم نەك هەر کوڕ زۆر کچیشم دەدیت بەلادا دەهاتن، مەست مەست تا ئەوپەڕی مەستی مەست بوون، نازانم چیان خواردبۆوە، چیان کێشابوو، من زۆر هەوڵم دا پێبکەوم ئەوانە مەستی چین، نەمزانی، من خۆم بە بۆنناس دەزانم! بەڵام لەوێ هیچ بۆنێکم نەدەناسییەوە،خۆم لێیان نزیك دەخستەوە بەس بۆ ئەوەی بزانم بۆنی چی دێت! هیچی تێنەگەیشتم ئەو شەقام و بازاڕە سەرلەبەر بۆن بوو، بۆنی کچ، دارو بارەکان، دیوارەکان، کەلوپەلی ناو دوکانەکان.. هەموو هەر هەموو بۆنی ژنی لێدەهات.. لە بن درەختێکی پیر، زۆر پیر پێدەچوو هی سەردەمی باوکی شا بێت، راوەستا بووم، سەیری جوانیی ئەو شەقامە جوانەی تارانم دەکرد..

- کاتژمێر چەندە؟

ئاوڕم دایەوە کچێك بە تەنیشتمەوە وەستاوە.. تەماشای کاتژمێرەکەمم کرد، میلەکەم نەدیتەوە لە سەر چ ژمارەیەکە، شوێنەکە زۆر رووناك نەبوو

- ببوورە، تاریکە نایبینم
- کوا من تەماشای دەکەم

منیش دەستم بۆی راگرت.. هەندیك سەیری کرد، چاوی لە دەستم نزیکتر خستەوە.. هەستمکرد لەنگەری تەواو نیە مەست دیار بوو، بۆنێکی زۆر خۆشیشی لێدەهات، جارێك برادەرێك لە ئەورووپاوە بۆنێکی بۆم هێنابوو رێك لەو کچەوە ئەو بۆنە دەهات.

- دیار نیە، بێ زەحمەت..... لەکوێیە؟
- ببوورە کوێت گوت؟
- دەڵێم ... کەوتۆتە کوێ؟

دیسان تێنەگەیشتم کوێ دەڵێت، وشەیەکی بە شێوەیەکی وا دەگوت من هیچی تێنەگەیشتم هەر پیتی یەکەمیشی نەمزانی چی بوو... پێشم شەرم بوو ئەجارەش بڵێم تێنەگەیشتم، لە دڵی خۆم گوتم وا بڵێم دەڵێت هەبێت نەبێت ئەوە کەرە.

- ببوورە نازانم کەوتۆتە کوێوە.
- نازانیت!

زۆر بە سەیرەوە تەماشای کردم، تەواوێك لێم راما، منیش نەمکردە نامەردی چاوم لە چاوی بڕی لە دڵی خۆم گۆتم کووم تەماشا بکەیت ئەوهات تەماشا دەکەم.. کچێك بوو جوان لەو جوانانەی تاران پێی بە ناوبانگە، نیوەی سەری پتر دیار بوو، دیار بوو زۆر بە زۆرە ملێ چەفیەکەی خرابووە سەری.. تەواو مەست بوو بەلادا دەهات، ماندوو دیار بوو زۆر ماندوو، چاوە ژێر پیاڵەییەکانیش خەویان دەهات

- ماڵتان لە کوێیە؟
- ماڵم لێرە نیە، مێوانم.
- خەلکی کوێی؟ دیارە فارسیەکەت باش نیە..
- کوردستانی عێراق
- خۆزگە لەوێ دەبووم.
- ئەوێ کارەبای نیە، تاریکە، تۆ بە رووناکییەوە..

پێنەدەچوو گوێی لەو قسەیەم گرتبێت

- لە کام مێوانخانەی؟ من حەز دەکەم ئەوشەو لە بارەی شەڕ و جگەرە و هەلاّتن و... قسە بکەین..

لەو کاتەدا بالأی کوڕم کە لەولا تر لە دوکانێك لەگەڵ دایکی خەریکی شت کرین بوون هاتەوە لای من، کچە زانی ژنم لەگەڵە، زۆر بە رێزەوە داوای لێبوردنی لێمکرد، بەرێزترەوە ماڵئاوایی کرد..ئیدی هەتا درەنگیش هەر لەو دەور و بەر دەهات و دەچوو، پێدەچوو لە دووی کەسێك بگەڕێت قسەی لەگەڵ بکات، پێدەچوو لە تەنیایی بێزار بووبێت یان بیەوێت بچێتە تەنیاییەوە، من لەبەر ئەوەی لەم رووەوە ئەزموونم نەبوو هیچی تێنەگەیشتم..

بالأ گۆتی:

- بابە، ئەو ژنە کێ بوو ؟

- ئەوە دیاریی خوا بوو، ناردی ! بەڵام من لێیم وەرنەگرت..

(8)

تاران پیرێکی جوانە

من بەردەوام گرنگیم بە قسە و بۆچوونی شوفێر تەکسیەکان دەدا، لە منداڵیەوە بیستبووم بۆ ئەوەی لە گرفتەکانی شارێك تێبگەیت پێویستە گوێ لە شوفێر تەکسیەکان رابگریت چونکە هیچ کێشە و گرفتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و .. نیە کە شوفێر تەکسیەکان شتێکی لێ نەزانن، جگە لەوەش بە پێی ئەزموونی خۆم شوفێر تەکسی لەو بارەیەوە نەترسە و قسە دەکات، رەنگە ئەو نەترسییەی لە بێزاریەوە هاتبێت، وەك دەڵێن شوفێر تەکسی زۆر لە پیشەکەی خۆی بێزارە، بەڵام ناشتوانێت وا بە سانایی وازی لێبهێنێت..

من دەچوومە هەر تەکسیەکەوە، بمدیتبا شوفێر لە تەمەنێکی وایە سەردەمی شای باش لە بیرە، پرسیارەکەی خۆم دەکرد، ئەو پرسیارەی دەیوو بکرێت:

جیاوازیی نێوان ئێستاو سەردەمی شا چیە؟ بە بۆچوونی تۆ ئێستا یان ئەو دەم خۆشترە؟

لە هیچ شوفێرێکم گوێ لێنەبوو سەردەمی شای لە هی ئێستا لا خۆشتربێت، بۆ ئەوەی روون بێتەوە من چەند جار ئەو پرسیارەم کردووە، دەبێت بزانین لە ماوەی ئەو حەفت شەوەی لە تاران بووم بەلای کەمی لە هەر بیست و چوار کاتژمێرێك چوار هەتا پێنج کەرەت من کارم بە تەکسی هەبووە، وا رێکیش کەوتووە زۆربەی هەرەزۆری جارەکان شوفێرەکە لەو تەمەنەدا بووە کە سەردەمی شای لە بیر بووە..گەنجەکانیش لە ئێستا بێزار بوون، یەکێ لە شوفێرە گەنجەکان گوتی:

- نەوەی کۆماری ئیسلامی بێ بەشترین نەوەیە لە هەموو مێژووی ئێران..
- ئەم قسەیە زێدەڕۆیی تێدا نیە؟
- نەخێر، تۆ ئاگات لە گرفتەکانی گەنجی ئێرانی نیە.. دەزانی هەتا ئێستا سەتەلایت قاچاخە!

عەسرانێك سواری تەکسیەك بووین بەرەو پارکی میللەت، شوفێر کە زانی من ئێرانی نیم زۆر خانەدانانە بەخێرهاتنی کردم بۆ تاران، بەخێر هاتنەکەی زۆر گەرم و گوڕ بوو: بە خێر هاتی بۆ شاری تاران... وام هەستکرد تاران ماڵێکە و ئەو پیاوە رووخۆشەش خاوەن ماڵە و بە رێزەوە مێوانداریم دەکات.. گوتی:

- ئێوە تاران چۆن دەبینن؟
- لە بەر ئەوەی چەند جێگەیەکی کەمی تارانم دیوە، ناتوانم ..
- بایی ئەوە دەتوانی قسەیەکی لێبکەیت
- شارێکی جوان و خاوێن دیارە..
- بەڵام هەست ناکەیت پیرە زۆریش پیرە؟
- هێندەی من دیومە رەنگە پیرایەتیی پێوە دیار بێت، ئەگەر مەبەستت لە پیری ئەوە بێت کە باڵەخانە و دیوار و شۆستەکانی کۆنن و پێویستیان بە نوێکردنەوەیە؟

- ئا ئەوەم مەبەستە.. بە گشتی تاران پیرە..هەمووی پیرە بە بالەخانە و ڕێگەو بانییەوە، بە شۆستە و دیواریەوە، بە جێگەی پەڕینەوە و بە پردیەوە، بە دار و دار تێلیەوە.. ئەها تەماشای ئەو درەختانە بکە..

مندالآنە و تامەزرۆیانە سەیری درەختەکانی دەو جادەم کرد، سەرم بەرزتر کردەوە سەیری ئەو دارستانە چڕەم کرد کە وابزانم پارکی جەنگەلی بوو.. جوان دیار بوون، چێژم لە دیتنیان وەرگرت.. گوتم:

- دارو باری جوانن

- من نالێم جوان نین، دەلێم پیرن، دە جوان تەماشایان بکە بزانە درەختەکان چەند پیرن، درەخت پیر بوون ئاساییە، بەلأم ئەگەر لە تەنیشت درەختێکی پیر نەمامێکت نەدی ئەوە ئاسایی نیە... سەیری ئەو شۆستە و کاشیانە بکە چەند کۆنن، دەزانی هی چ سەردەمێکن، ئەها چەند پیرن! ئەو باڵەخانانە هێند کۆنن تەمەنی ئەو چیایانەیان هەیە و نوێ ناکرێنەوە..

- ئەدی لە لاپەڕگەکانی شاربالەخانەی نوێ درووست ناکرێ؟!

- ئەوە هیچ نیە بۆ تاران هیچ نیە، ئەوەی بۆ تاران کراوە هەمووی هی سەردەمی شایە.لە دوای رووخانی شا هیچ بۆ تاران نەکراوە، خەلکی تاران بە هیچ جۆرێك قەرداری کۆماری ئیسلامی نین، من لە تۆ دەپرسم چ کراوە؟؟

- بە راستی من شارەزا نیم، هێشتا باش نەگەڕاوم

- جوان بگەڕێ، یەك ساڵ لەو تارانە بگەڕێ، جگە لە پیرێتی تاران هیچ نابینیەوە، لە هەر درەختێك بپرسی تەمەنت چەندە؟ دەلێت کە شا هەلأت من هەراش بووم..

- تۆ شاعیرانە قسە دەکەیت..

- من دەبوومە شاعیر بەس خەفەتی پیربوونی تاران دەستی گرتووم.. بەردەوام شیعر دەخوێنمەوە..

- شیعری کێ زیاتر؟

- شاعیری دیاریکراوم نیە، شیعری جوان دەخوێنمەوە رەنگە لە هەمووان پتر شاملۆ بخوێنمەوە، تاران خۆیشی شیعرە.. ئەو شارە پیرێکی جوانە.. پێویستی بە گەنجبوونەوە هەیە.. ئەو کۆماری ئیسلامیە ئەو تارانەی پیرکرد، تۆ ئەوەندەی گەڕای لە چەند شوێن دەستی نۆژەنکردنەوەت دیوە؟

- ئەها ئەوەتە وا ئەو شۆستەیە چاك دەکەنەوە

شۆستەی پێش پارکی میللەت ئیشی لێدەکرا، پێدەچوو کاشی رێژی بکەن

- بێجگە لێرە لە چەند جێگەیدی ئەوەت دیت؟ ئەوە و سەدانی وەك ئەوەش بۆ تارانێکی وەها گەورە هیچ نیە، تاران بەو تیفتیفانە گەنج نابێتەوە

- باشە..

- با پێت بلێم کۆماری ئیسلامی بەس یەك کاری کردووە و بەردەوامیش دەیکاو لێشی ماندوو نابێت ئەویش کردنەوەی زیندان لە دوای زیندانە..

ویستم شتێك بلێم، ئێستا لە بیرم نەماوە دەمویست چ بلێم.. گوتی:

فەرموو لێرەوە بۆ پارکی میللەت کە جوانترین پارکی تارانە، بەلأم ئاگادار بە ئەویش پیرە!

(9)

**ژنێك كۆترو پشیلە ئاشتدەكاتەوە**

**پاركی میللەت جوان بوو، تا بڵێی جوان، رەنگە بەو رادەیەش جوان نەبێت بەڵام لە چاوی منەوە جوان خۆی دەنواند، گۆماوێكی گەورە، باخچەیەكی قشتیلەی باڵندان..درەختی جوانی پرچ ژنانی، لە هەموو لایەكەوە ئاودان، هیچ برِكە دارێك، جێ ناو لەپێك فریز بەو مانگی خەرمانانە تینوێتیان پێوە دیار نەبوو، لە بەهار تەرِتر خۆیان دەنواند.. گەرِان لە پاركی میللەت كەمێك ماندووی كردم چوونكە هەوراز و لێژی تێدایە، هەوراز و لێژیەكی ناسك و جوان... تێر گەرِام هاتمەوە لای پەیكەری شاعیرەكان، پەیكەری كۆمەڵێك شاعیر لە پاركی میللەت بە ریز سەیری جوانیی پارك و مێوانانی پارك دەكەن وەك فیردەوسی و شیرازییەكان و.... لە سەر سینگی هەر یەكێكیان ساڵی لە دایكبوون و كۆچی دوایی هەڵكەنراوە، یەكیان نەبێت كە زا بزانم دەمێك بوو لە ژیان نەمابووكەچی تەنها ساڵی لە دایكبوونی لە سەر هەڵكەنرابوو.. لەوەوە قسەی شوفێرەكەم بیركەوتەوە كە چەند جار جەختی دەكردەوە كە تاران پیر بووە، لەو پەیكەرانەوە بە روونی نیشانەی پیریی بە تارانەوە دیار بوو، لە سیمای ئەو پەیكەرانەوە چەند تەمەنێك دەخوێندرایەوە..**

**ئەو پاركە كۆتری گەلێك زۆر بوو، سێبەریان لە سەرت دەكرد، كەچی رێوبانەكانیشی نەك جیقنەرێژ نەبوون، زۆر بەكەمی جیقنەت دەتدیت، ئەو پاركەش وەك هەر جێگەیەكیدی چەندی پیر بوو هێندەش خاوێن بوو..**

**ئەوكاتەی ئێمە لە پاركی میللەت پیاسەمان دەكرد، پارك مەیلەو چۆل بوو تاقولۆق خەلكت دەدی، هەمووی چوار پێنج كورِ و كچم دیت بە تەنیشت یەكەوە دانیشتبوون و شانیان لە شانی یەكتر دەخشاند، جار جارەش دەست و پەنجەی یەكتریان توند توند دەگوشی، دەمدیت هێندە توند هێندە توند، دەمگوت ئێستا كچە هاوای لێ بەرز دەبێتەوە.. من كەمتر تەماشام دەكرد پتر خەیاڵاوی دەمرِوانی، لە پرِ نازانم چۆن چاوم بە لا چەپێكدا روانی ژنێك دانیشتبوو من دەڵێم شەست ساڵ دەبوو تۆ بڵێ خۆی لە حەفتا دەدا، دەم و چاوێكی خرِی مەیلەو گوپن، زۆر لێی نزیك نەبای ئەو تەمەنی نەبوو، لە كەمێك دوورەوە سەیرت بكردایە لە دەوری چل ساڵی خۆی نیشاندەدا..ئەو ژنە زۆر جوان بوو لە تاران جوانتر بوو.. كاتێك ئەو ژنەم دیت خۆزگەم خواست شوفێر تەكسیەكە ببینمەوە تا پێی بڵێم ئەو تارانەی تۆ دەڵێت رێك وەك ئەو ژنەیە، پیر پیر بەڵام جوان جوان..**

**ئەو ژنە جوانە پیرە كە نازانم ئێرانی بوو یان ئەورووپی، شێوەی پتر بە لای ئەورووپیدا دەچوو، یان تێكەڵیەك بوو لە ئێرانی و ئەورووپی، كەوتبووە ناو كۆتران..**

- **كورِە بابە ئەها كۆتر ئەو ژنە دەخۆن**
- **نا، نایخۆن ماچی دەكەن، دەتەوێت ئەتوش ماچ بكەن؟**
- **نا، دەمگەزن..**

**دنیایەك كۆتر دەوری ئەو ژنە جوانەیان دابوو، دەمدیت گۆلم گۆلم دانی بۆ روو دەكردن.. حەزم كرد پتر لەو ژنە و كۆترەكان ورد ببمەوە لە نزیكی لە سەر كورسیەك دانیشتین. چ ببینم باشە! ئەوە دوو پشیلە یەكیان زەرد ئەویدی مەیلەو رەش وا لەو تەنیشتەی ژنە وا دەویان دەجوولێ، دەبینم ژنە ناوە ناوە سەرو پشكە گۆشتێكیان دەداتێ..**

- **بابە ئەو پسیلانەش ئەو ژنە ماچ دەكەن**
- **ئەدی، پشیلە و كۆتر برادەری ئەو ژنەن ماچی دەكەن..**

پەیوەندی ئەو ژنە و کۆتر لە ڕێی دانەوە بوو، هی ژنەکە و پشیلەش لە ڕێی پشکە گۆشتەوە واتە پەیوەندیەکی ئاسایی بوو.. لەو پەیوەندیە ئاساییەوە پەیوەندیەکی تا رادەیەك نا ئاسایی هاتبووە ئاراوە کە رەنگە لە دەست هەموو کەس نەیەت یان راستتر بڵێین سەلیقەیەکی زۆری دەوێت..

– بابە کۆتر و پسیلە برادەرن؟

– نا برادەر نەبوون بەلاّم ئەو ژنە ئەوانەی کردە برادەر

ئەو ژنە پیرە جوانە دوو دەستی جوانی هەبوون بە یەکیان دانی بۆ کۆتران رووەدکرد بەویدیان پشکە گۆشتی دەبەخشیە پشیلان، ئەو ژنە بە شێوەیەك چاوی پشیلەی نووساند بیر لە پەلاماردانی کۆتر نەکاتەوە، بە شێوەیەك پشیلەی بارهێنا کۆتر ترسی لیّی شکا...

من دەمویست قسەیەك لەگەڵ ئەو ژنە بکەم، بەلاّم ئەو بۆ جارێکیش سەیری منی نەکرد کە لەبەر دەمی بووم، وەك ئەوەی منی هەر نەدیبێت.. ئیدی منیش بڕیارم دا تەنها تەماشای بکەم و بەس، گوتم با لیّی تێك نەدەم، چونکە زۆر جار سلاوێکی لە نکاو شیرازەت بە تەواوی تێکدەدا...

کۆتر سات لە دوای سات پتر دەبوون، بەلاّم نەمدیت پشیلەیەکیدی بێت، ئەو ناوە یەك پارچە بووە کۆتر ژنە جوانە پیرەکە بە کۆتر داپۆشرابوو، پشیلەکانیش بە کۆتر داپۆشرابوون، ئێمەیش خەریك بوو بە کۆتر داپۆشرێین..

– بابە با بڕۆین کۆتر دەمانخۆن

– مەترسێ کۆتر ئێمەیان خۆش دەوێت

– من دەترسێم..

دوور کەوتینەوە ژن و کۆتر و پشیلەمان پێکەوە بە جێهێشت.. من ئەو ژنە پیرە جوانە کە هەر لەو تارانە دەچوو کە شوفێر تەکسیەکە باسی دەکرد، خۆشمویست هەر لەبەر ئەوەی ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێت کۆتر و پشیلە ئاشت دەکاتەوە، داخوا بەو کارەی خۆیشی چەند دڵخۆشە، چەند چێژ لەو دەستانەی خۆی وەردەگرێت کە گەنم و گۆشت دەبەخشنەوە.. جوان بوو ئەو ژنەی نەمزانی ئێرانیە یان ئەورووپی، ئەو ژنەی دەتگوت بۆ گاڵتە چەفیەی بە سەر سەری خۆی داداوە!

(10)

## دوو ڤاتی و چەند ڤاتی

لە زۆر جێگەی تاران یان لە هەندێ جێگەی تاران، وردتر و راستتر بڵێم ئەوەی من دیتم و هەستم پێیکرد، بەس بزانن ئێرانی نیت، دەست بۆ هەر شتێك ببەیت لە نرخی خۆی پتر داوا دەکەن هەر لە تەماتە و خەیارەوە بگرە، بە کرێی تەکسی تێپەڕە تا دەگەیتەوە کرێی مێوانخانەو لەویشەوە بۆ کرێی ئەنتەرنێت، من چەند جارێك لە کڕینی تەماتە ئەوەم بۆ ئاشکرا بوو، کە دەیانزانی ئێرانی نیم دووڤاتیان داوا دەکرد، جارێك لەگەڵ تەماتە فرۆشێك تێکگیراین لەبەر چاوی من بە نرخێك فرۆشتی کە زانی من ئێرانی نیم رێك دوو ڤات داوایکرد

– ئەدی بۆ بەوەندەت دا ئەو پیاوە؟

– کوا بەوەندەم دایێ!

- ئێستا لە پێش چاوی من...
- بە وەندەیە دەکڕی بکڕە ناکڕی مەکڕە
- تۆ دەبێت بگیرێیت، نرخی بازاڕ ئەوها نیە.

دیار بوو گاڵتەی بە فارسیەکەم دەهات، بەڵام تۆزێکیش سلی کردەوە کە زانی بە دەنگی بەرز قسە دەکەم و باسی نرخی بازاڕ دەکەم..

- وەرە قەینا بیبە
- تازە بە نیو هێندەش لە تۆ ناکڕم.
- دەکڕی ناکڕی سیر.

گواستبوومانەوە مێوانخانەیەکیدی ناوی ( ئەتلەس) بوو بەرانبەر بارەگای مانگی سوور، مێوانخانەیەکی خاوێن و ڕێك بوو، کرێیەکەی سێ قات و نیوی کرێی مێوانخانەی بەهارستان بوو، بەهارستان هەر بە ناو بەهارستان بوو...لەو مێوانخانەیە تەلەفزیۆن بە سەتەلایتەوە بەسترابۆوە، ئێمە هەر هێندەمان دەدیت وا لە سەر کەنالی جەزیرەیەو حەسەن نەسروڵلا قسان دەکات.. نەدەما، دەهاتەوە من هیچ لەو سەتەلایتە تێنەگەیشتم.. بە ناچاری کەناڵێکی ناوەخۆیی ئێرانیمان دەکردەوە نەسرولّلاّ ئەوانیشی داگیرکردبوو، سەیری بەرنامەی منداڵانمان دەکرد...

ئەو نەسرولّلاّ یە، دەچوویە هەر جێگەیەك لە ناو چاوت بوو، دەتگوت جێنشینی ئیمام خومەینیە..وێنەی ئەو پیاوە دار و دیواری تارانی داپۆشیبوو، وێنەی ئەو پیاوە چەند قاتی وێنەکانی ئیمام خومەینی بوون، لە چەند جێگەیەك وێنەی هێند گەورە کرابوو سێبەری لە شەقام کردبوو.. ئیدی لە تەلەفزیۆنیش وازی لێنەدەهێناین و هەمیشە لە ناو چاومان بوو.. ئەو نەسروللاّیە لە خومەینی خامنەئی پتر لە بەر چاوان بوو، نەسرولّلاّ تارانی داگیر کردبوو..

هەر لەو مێوانخانەیە چەند کۆمپیوتەرێکی بەستراو بە هێلی ئەنتەرنێتی لێبوو، کۆمپیوتەرەکان هەموویان روویان لە دەرەوە بوو واتە تۆ کە دەچوویەسەر کۆمپتەرەکە وەك چۆن تۆ چاوت لە سەر شاشەکە بوو ئەوانەی لە پشت تۆوەش دانیشتبوون، ئەوانەی سەرپەرشتی مێواخانەکەو بە تایبەتیش کۆمپیتەرەکانیان دەکرد، چاویان لە سەر شاشەکە بوو، چیت دەکردەوە، چی لە سەر شاشە دەرکەوتایە ئەوانیش وەك تۆ دەیانبینی.. هەندێ درەنگ هۆی ئەوەم بۆ روون بۆوە، سەرەتا وام دەزانی بە رێکەوت وا کەوتۆتەوە، بەڵام دوایی تێگەیشتم بۆ ئەوەیە تا کەس وێنەی رووت و شتی وا نەکاتەوە..

لەوێش هەمان کێشەی تەماتەکە هەبوو، نرخی هەر کاتژمێرێك دانیشتن لە سەر کۆمپیوتەر بۆ ئێرانیان (1000) تومەن بوو، بەڵام بۆ بیانیان (2000) تومەن، جیاوازی لەگەڵ تەماتەکە لەوەدا بوو، خاوەن تەماتە بە ئاشکرا ئەو جیاوازیەی نەدەکرد، هەرچی خاوەن مێوانخانەیە بە ئاشکرا ئەو جیاوازییەی رادەگەیاند و بە شتێکی زۆر ئاساییشی دادەنا...

من چەند جارێك چوومە سەر ئەنتەرنێت، ئەوەی هەستم پێکرد هی تاران زۆر خێراتر بوو لەوەی هەولێر کە بە دیارییەوە بە زگ دەدەیت..

رووبەری تاران چەند بە قەد هەولێر بێت، دانیشتوانی تاران لە ئاست دانیشتوانی هەولێر چەند قاتی ئەو بە قەد بوونەیە، هەر شتێك لەو تارانە دەگریتگەراج، باخ، دارو بار، سینەما و قوتابخانە، بازاڕ و مێوانخانە، گولفرۆش و دەرمانخانە، دکتۆری باش و خەستەخانە، پردی بن عەردی و سەر عەردی ، باڵەخانەی چەند قاتی، لە زۆر شتیدیش تاران چەند فات و چەندان قاتی هەولێرە، بەڵام لە یەك شت هەولێری پشتی تارانی لە عەرد دابوو، تۆڵەی هەموو ئەوانەی لێکردبۆوە، ئەویش مزگەوت بوو، مزگەوتی هەولێر چەند قاتی مزگەوتی تارانە، تاران سەد ساڵیدیکەش کۆماری ئیسلامی حوکمی بکات لە مزگەوت ناگاتە

هەولێر.. لەگەڵ دوکانداریێک کە زۆر هاتو چۆیم دەکرد، جار جار قسەمان بۆ یەکتر دەکرد من لە بارەی هەولێرەوە ئەو لە بارەی تارانەوە، جارێك قسە قسەی راکێشا پرسی:

– لە هەولێر چ زۆرە؟
– وا بزانم مزگەوت
– بۆچی؟
– دیارە زۆر بە دینن..
– وەك من تێیگەیشتبم، زۆر بە دینی پەیوەندی بە زۆر مزگەوتیەوە نیە.
– وایە، گاڵتەم کرد، راستی رەنگە پەیوەندی بە باجەوە هەبێت

باش بوو لەو کاتە چەند کڕیارێك هاتن قسە پچڕا و دواتریش نەچووینەوە سەری..دەمەوێت خاڵێکی هاوبەشی نێوان تاران و هەولێریش باس بکەم ئەو خالەش رێك دەکەوێتە رۆژی هەینی، لەو رۆژەدا تاران یان بەشێکی تاران ئەوەی من دیتم وەك هەینیی هەولێر چۆڵ دیارە تاق و لۆق دوکان نەبێت کراوەن، دەنا بە گشتی داخراون.. میوە و تەڕە لەو رۆژەدا نرخیان دووقات دەبێتەوە..

## (11)

## پەنا تاریکەکانی لالە

لە دوا شەوەکانی مانگی ئاب، لالە فێنك فێنك، دەڵێی لە ماڵی بەهار هەڵدراوە، (لالە)ش پیرە بەڵام پیرێکی تابلێی جوان، تا بڵێی تەڕو پڕ، سەوز سەوز لە بەهاریش سەوزتر، ئاودار، ئاودار لە هەوری زستانی بە بارانیش ئاودارتر، لالە رووناك رووناك، بە شەویش وێنەی رۆژ رووناك، جێیە بەرچاوەکانی تا ئەو دیوی رووناکی رووناك، جێیە لاچەپەکانی ئاوێتەیەك لە تاریکی و رووناکی، یان ئەو رەنگەی زۆر جار بە رەنگی رۆمانسی یا رەنگی عەشقی دەناسرێتەوە.. زۆر جێگەی ئەو لالەیەی من لەو شەوە هاوینیە دیتم لەو رەنگە بوو، رەنگی سەرڕێژ لە رۆمانسی..

هەرچی درەختی دنیا هەیە بە هەموو وەرزەکانییەوە، وا لەو هاوینەی لالەدا سەوزایی دەڕژێننە چاوەوە و فێنکایی دەپرژێننە گیانەوە، هەرچی رووناکایی عەرد و ئاسمان هەیە لە کەلێنی لق و گەڵای درەختەکانەوە دەخزێنە بەر رۆیشتنەوە و رێ نادەن پێیەکان ساتمە لە خاڵی تاریك بکەن.. لە هەموو لاوە ئاو، هیچ ئاوێکم نەدیت وەك ئاوی باخی لالە بە ناز، بە بن درەختە پیرەکاندا و لە ژێر رووناکایی گڵۆپەکان و ئەو سێبەرە تەنکانەی لە چەفیەی کچانی ئەوێ تەنکتر خۆیان راخستبوو، بە نازەوە دەڕۆیشت، پێ بە پێی ئەو کچانەی پێیەکانیان بە تایبەت بۆ پیاسەی ناو باخ دروستکرابوون، دەڕۆیشت و لە جێ جێ کەمێك، بە دەنگێکی نزم وەك ئەوەی نەیەوێت قسە بەو کوڕ و کچانە ببڕێت کە وەك کۆتر سەریان بە بن گوێی یەکترەوە نابوو، هاژەی دەکرد...

درەختەکانی لالە زۆر پیر بوون، بەڵام لەبەرئەوەی شەو بوو لە تەمەنی خۆیان کەمتر خۆیان نیشاندەدا، کاتی خۆی لە درەختناسێکم بیستبوو کە درەخت لە شەودا خۆی لاوتر نیشاندەدات وەك لە رۆژ، جا بۆ ئەوەی تەمەنی درەختێك بزانی دەبێت بە رۆژ لێیبڕوانی نەك شەو، جا با ئەو شەوە چراخانیش بێت، هەر چاو بە هەڵە دەبات،.. درەختەکانی لالە بە شەوێش

هەر پیر بوون، ئەو ساتانەی لە قەد و باڵای درەختەکانی باخی لالە ورد دەبوومەوە، ئەو داربەڕووە بە تەمەنداچووانەم بیر دەکەوتەوە کە کاتی خۆی، پێش ئەوەی بای ئەنفال هەڵبکات، لە دەڤەری چیای گارە وەك جەللادی درەخت، بە خۆ و تەورێکی گەورەی تیژەوە لە دەوریان دەسووڕاین و دوای وەرزشێکی چارەگە دەمژمێری ئەو درەختە باڵا بەرزە گەڵا مەیلە و سەوزە ناو کلۆرە زرم بە عەردی دەکەوت و هێندەی کەرتکە چیایەك دەنگی لێوە دەهات، ئا، درەختەکانی لالە وەك درەختە کلۆرەکانی گارە بە ساڵدا چوونە..

لە ژێر درەختە بە ساڵداچووەکان، کوڕ و کچی گەنج، بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون، دەست لە ناو دەست پیاسەیان دەکرد، هەندێکیان خۆیان دابووە بەر رووناکی، هەندێك دەچوونە ئەو سووچانە کە لە دوورەوە رووناك دیار نەبوون و لە نزیکەوەش تاریکییەکی زۆر کاڵ نزیك لە رووناکییەکی کاڵ.. لەو سووچانە وە لە ژێر تیشکی کزی گڵۆپەکانەوە هەر کەسێك بیویستبا ببینێ، دەیبینی، عەشق و دەسبازی دەبینی، من بە چاوی خۆم دیتم لە بن چەند درەختێك و چەند کوڕ و کچێکم دیت کە شەوی لالەیان کردبووە شەوی عەشق..

- بابە، ئەها ئەو پیاوە ئەو ژنە ماس دەکات!
- قەیناکە، دەبێت..

هەندێك جار باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد و لە دڵی خۆم دەمگوت: رێی تێناچێت لە کۆمارێکی ئیسلامی، لە شەوی باخێك، کوڕ و کچ بەو شێوەیە بچنە باوەشی یەکتر و خەریکی ماچ و دەستگوشین و قۆڵگوشین و... بن.. لەوێوە لە باخی لالەوە بێ ئەوەی مەبەستم بێت، یەکسەر هاتمەوە گلکەندی هەولێرو وێنەیەکی گلکەندم لەگەڵ ئەو وێنەیەی لالە لە تەنیشت یەك راگرت.. پێش چەند ساڵێك بە چاوی خۆم لە بن درەختێکی پیری ئەو گلکەندە دیتم دەستی کوڕێك لە سەرشانی کچێکە من هەر هێندەم دیت، رەنگە شتیدیش بە دووی دەستەکەدا هاتبێت.. هێندەم زانی بووە، دەنگە دەنگ و هاتو هاوار، گوێم لێبوو چەکدارێك بە دەنگی بەرز و بە ناوی حکومەتەوە هەڕوگیفی دەکرد و بە کورەکەی دەگوت: شەرمت بە خۆت نیە؟ ئەگەر کوڕێك وا لە خوشکی تۆ بکات، چی دەکەیت؟!... بەلاَم لە لالەی تارانی کۆماری ئیسلامی، بە دیتنی ئەو وێنەیە، نەگوێم لە هیچ قسەیەکی پۆلیس بوو، نە هیچ پۆلیسێکیشم دیت...

پۆلیس لە تاران هەیە؟! چەندان کەڕەت ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد.. کوردێك لە تاران لە سەر شۆستە سەعاتی دەفرۆشت، کە زانی خەڵکی هەولێرم، زۆر بە سادەیی ناوێکی هێنا، گوتی : ماڵیان لە سەیداوەیە، نایناسی؟ نەمناسی.. قسەیەك لەو قسەیەك لە من، قسە گەیشتە سەر پۆلیس، دەیگوت: تۆ نازانیت، هیچ شارێك هێندەی تاران پۆلیس و پیاوی حکومەت و جاسووی حکومەتی تێدا نیە، بەلاَم لەبەر ئەوەی جلی تایبەتیان لە بەر نیە، نایانبینی.. نازانم قسەی ئەو پیاوە تا چەند و تا کوێ راستە، هێندە دەزانم لە قەسری شیرینەوە تاگەیشتمە تاران و لەوێشەوە هاتمەوە قەسری شیرین هیچ پۆلیسێکم نەدیت، هیچ چەکێکم نەدیت، لە ناو باخی لالەش کچ و کوڕ نالێم بە ئاشکرا بەلاَم نیوە ئاشکرا عەشقیان دەکرد، ماچیان دەکرد، کەسێك، پۆلیسێك نەهات، بڵێ: ماچ قەدەغەیە، نەهات، بەکوڕەکە بڵێ: ئەگەر خوشکت وا......

ماویەتی

2006 هەوایر